# گۆڕان: لە لوتکەوە یان لە بنچینەوە دەستپێدەکات؟2

ئەیوب بابۆ بارزانی

وەرگێر: محمد جەلیل شێروانی

26/8/2021

لەوانەیە تونس نموونەیەکی باش بێت لە دەستپێشخەریەکانی چاکسازی لە لوتکەوە بەرو بنچینە، لە ئەنجامی دەسپێکردنی خۆپیشاندانەکان لە چەندین شاری وڵاتی تونسدا، سەرۆک قەیس سەعید کە بە کەسایەتیە بەهێز ودەستپاکەکەی ناسراوە ولەدوای سەرپەرشتی چەندین کۆبونەوەی بەپەلە لەگەڵ سەرکردە ئەمنی وعەسکەریەکان چەند بریارێکی لە 25 تەمووز - یۆلیۆی ڕابردوو دەرکرد و دوورخستنی هشام مشێمشی لە ئەرکەکانی وگرتنی دەسەڵاتی جێبەجێکار وڕاپەراندنی ئەم ئەرکە وسرکردنی کارەکانی پەرلەمانی ڕاگەیاند. سوپای توونسیش لایەنی سەرۆک سەعیدیان گرتەوە، لەوانەیە پرۆسەی سەرڕاستکردن وچاکسازی بەکارا کردنی ماددەی 163 دەستپێبکات، ئەو ماددەیەی کە لە ئایندەدا پارەدارکردنە دەرکیەکان بۆ حزب وسیاسەتمەدار ونوێنەران ئاشکرابکات. هێشتانیش زووە بریار لەسەر چۆنیەتی کوتایی هاتنی ئەم چاکسازییە بوێرانەی تونس بدەین.

زۆر بەداخەوە، لەوباوەڕەدا نیم ئەم دیاردەیەی توونسدا لە بەغدا وهەولێر دووبارە ببێتەوە چونکە سەرجەم ئەو کەسایەتیانەی کە بەدەستپێشخەری پۆل بریمەر و دەسەڵاتی داگیرکەر هاتنە دەسەڵات بەکردەوەی گەندەڵیی زەبەلاح ولەسەر ئاستی جیاواز وجوراوجۆردا تێوەگلاون. هەروەها کەسایەتیەک لە شێوەی قەیس سەعید خاوەن کاریزما ومتمانە وناوبانگی باشبێت بوونی نیە نە لە بەغدا ونە لە هەولێر.

گەلی توونس لە 2011 بخۆی ڕژێمی زەینولعابدین بن عەلیی رووخاند، لەکاتێکدا داگیرکاری ئەمریکی لە عیراق ڕژێمەکەی سەدام حوسێنی لەناوبرد وسەرجەم دامودەزگاکانی دەوڵەتی وێرانکرد وکۆمەڵێکی ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوی سنووری هێناوە و رێگای تەزویر و سەختەکاری وگەندەڵی وتاڵانکردنی بۆ خۆشکردن وتا ڕۆژی ئەمرۆمان لە دەسەڵاتدا ماون وبوونە کیانی دەوڵەمەندی لەرادەبەدەر و مانەوەشیان بە پاراستنی دەرەکیەوە بەندە.

ئەوشمان لەبیر نەچێت نەریتەکانی دیموکراسیەت و پراکتیزەکردنی ئازادیەکان لە توونس توونس پتەو و گردگیرترن، چونکە سەندیکاکانی کرێکاران وحزبە سیاسیەکان وێرای ئەوەی تووشی چەوساوە وسەرکوتکاری بوون تا ئێستا کارا وهۆشیارن، هەروەها لایەندۆستیی سوپای توونس لە سەرتاوە بۆ نیشتمان بووە لەبەرمبەردا پێکهاتەی سوپای عیراق ودەزگای هەواڵگری عیراقی بەپێ خواستی ئەمەریکا دامزراوە ئەمەش وای کرد ریزەکانیان دزەیان تێ بکرێت و ئەرکیان هەمو شتێک بێت کەپاراستن وبەرگری لە نیشتمان نەبێت. ڕۆڵی سەرەکیی هەر سوپایەکی نیشتمانپەروەر ڕەتکردنەوەی داگیرکاریە.

کەوتنی موسل وناوچە ئێزیدی نشینەکان لە شەنگال لە میانەی چەند کاتژمێرێکدا بێ ئەوەی یەک گولە بتەقێندرێت گەواهیەکی زیندووە لەسەر نیشتمانپەروەری ئەو هێزانەیە کە ئەمریکیەکان ڕاهێنانی پێ کردوون، لەم ڕۆژانەشدا وێنەی بەهەڵم بوونی وهەرەس هێنانی سوپای ئەفغانستان بەرامبەر هێزەکانی تاڵیبان روونترین بەڵگەیە کە هێزی داگیرکەر هەرگیز سوپایەکی نیشتمان پەروەر دانامەزرێنێت.

ڕۆڵی سوپای سعودیا وئیمارات لە یەمەن ئاماژەیەکە لەسەر ئەوە ئەرکە کە ئەمریکا وڕۆژئاوا پێ ڕاسپاردوون.

ڕژێمی بەعس وەک مێگەل مامەڵەی لەگەڵ گەلی عیراق دەکرد وشکۆی وورودوخاش کرد ولەبۆ پاروەنانێک سەری پێ شۆر کرد وتاڵیی پێ چێشت و هەوڵیدا هەڵسوکەوت و بەهاکانی بگۆرێت و بەتەواوەتی ملکەچی بکات بۆ ئەوەی هاوڵاتیەکی بێ کەسایەتی وبێ ئیرادەی لێ بێت. ئەمەش تا ڕادەیەکی دیاریکراودا لێکدانەوەی بەردەوامبوونی سیستەمی گەندەڵی کوردی وعەرەبی لە هەولێر وبەغدا ومانەویان لە حکومرانیمان بۆ دەکات، و بەهۆی ستەمی درێژخایەن کۆمەڵگا زۆرێک لە بەها ئەخلاقیەکان و چاکە بەجێماوەکانی لەدەستداوە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی "میدیای ئاست نزم " لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان تەشەنە بکەن و زورێک لەم سایت وکەناڵانە دەزگا هەواڵگریە دژ بەمافەکانی گەلی کورد وبەتایبەتی میتی تورکی لەپشتیان دەوەستن.

گەرەنتیی هەرە کارا بۆ پوچەڵ کردنی حکومەتە نیشتیمانیەکان وبزوتنەوە ئازادیخوازە میللیەکان ئەوەیە کە کەسایەتیەک یان بنەماڵەیەک یاخود دەستەبژێرێکی نەشیاوی بەسەر ناوەندەکانی بریار بسەپێنرێن، ولە چڵیسیی بێرادەیان بۆ دەوڵەمەندبوون وپەرۆشیان بۆ دەسەڵات وئامەدەبوونیان بۆ خاوەنداریەتی کردن لە ئەجێندا دەرکیەکان بۆ پاراستنی جیاوگە داراییەکانیان، دڵنیابن. لەواقعیشدا دەسەڵاتی داگیرکەری ئەمەریکی لەمیانەی داگیرکردنی عیراق ئەوەی پێویستی بوو لە ئامرازە خۆجەیەکان دۆزیەوە و بەرژەوەندیەکانی هەردوو لایەن بە بەهێزی ولەسەر حیسابی شکۆ وسەرخۆبوونی نیشتیمان و هاوڵاتی تێکەڵکێش بوون.

لەم بارودۆخدا هیچ ئاماژەیەکی ئەرێنی لەسەر باشبوونی ژیانی سیاسی لە کوردستان تەنانەت لە نزمترین ڕادەدا بوونی نیە.

ڕۆژانە دیمەنی پێشێلکردنی ساواترین مافەکانی مرۆڤ و کردنی هاوڵاتی بە سواڵکەری لاواز وپەیدابونی دیاردەی بەپیرۆز کردنی "ڕێبەر"ی هۆز وعەشیرەت لە لایەن چینە هەژارەکان بۆ ئەوەی وەک خێر وسەدەقەیەک پاروە نانێکیان بداتی دەبینین، لە بەرامبەریشدا دیمەنی خۆش گوزەرانی ڕێبەرەکەیان و دراوپەیوەندەکەی ویاری کردنیان بە پارە وسامانی گەندەڵی وتاڵانکردن دەبینین.

بێ گومان ڕێگای گۆڕانکاری سیاسی لەعیراق بەتەواوەتی داخراوە و ئاماژەدان بە هەڵبژاردنێکی"پاک و بێگەرد" تەنیا بۆ هێورکردنی تورەیی خەڵک وچەواشەکردنی جەماوەرە وهەڵخەڵەتاندیان کە گوایە ئازاد و سەرپشکن لە هەڵبژاردنی سەرکردەکان بەشێوەیەکی دیموکراتی وبێگەرد دا. پارەی گەندەڵی کە دەتوانێت ڕێڕەوی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکان دیار بکات لەدەستی حزبە کوردیەکانی دەسەڵاتداردایە، دەزگای دادوەری کوردیش گەندڵە چونکە لەژێر هەژموونی حزبدایە، دوو حزبەکەی دەسەڵاتیشدا هێزی عەسکەری وئەمنییان هەیە وژمارەشیان بەدەیان هەزار دەژمێردرێت ولەژێر فەرمانی بنەماڵە فەرمانرەواکانن. پێشان چەند جارێک ئاماژەم داوە کە هەڵبژاردن لە کوردستان تەنها واتای "نوێکردنەوەی بەیعەت وپەیمانە" بۆ هەمان سەرکردە گەندەڵەکان!

کێشەی سەرەکیەکە لەوەدایە کە چینی ڕۆشنبیری کورد پەرتەوازەن و لەسەر چەند حزبێکی دژبەیەک دابەشبوونە وئەستەمیشە سازانێک نێوان بەرژەوەندیە سێ ڕەهەندیەکان درووست بکرێت کە بریتین لە: بەرژەوەندی کەسێتی، بەرژەوەندیە فراوانەکانی جەماوەر، ملکەچی بۆ فەرمانەکانی سەرکردایەتی حزب.

زۆر کەس پێانوایە ئاشکراکردنی تاوان وگەندەڵیەکانی دەسەڵاتدارن وپێشکەشکردنی بەڵگە سەلمێنراوەکان بەسە بۆ بەرهەڵستی کردنیان، بێ گومان ئەم شتە ئەگەر لە وڵاتێک وەک سویسرا پەیرەو بکرێت لەمیانی چەند رۆژێکدا حکومەت دەرووخێت بەڵام لە ئەم باروودۆخەی کە عیراق تێدایە ئەم شتە نابێتە مایەی ترس ودڵەڕاوکێی دەستەبژێرە دەسەڵاتدارەکان چونکە ئەم دەستەبژێرە باکیان بە قسەکردن لەسەر دزی وگەندەڵی لە تورە کۆمەڵایەتیەکاندا نیە مەگەر دەست بەسەر برە دزراوکاندا نەگیرێت و بۆ خەزێنەی گشتی بگەرێنرێتەوە ودز تاوانکار لە دوای دادگایی کردنیدا زندانی بکرێت. ئەوەی بۆ ئەوان گرنگە هەڵگرتنی برە دزراوەکانە.

هەروها بۆچوونێک هەیە پێ وایە ڕەخنەبارانکردن وجنێودان بە دەسەڵات بەسە بۆ ئافراندنی گۆڕانکاری، واتا تەنها قسەکردن و وەلانانی کار وخەبات، ولەراستیشدا ئەمە دەسەڵات ئاسوودە دەکات و لەسەر ستەم وگەندەڵی بەردەوام دەبن و کارەسات وئێش وئازارەکان قووڵتر دەبن وحاڵەتی بێ ئومێدی وڕەشبینی لای گەل چەند هێندە دەبێت بۆیە ناچار دەبێت لە بری ڕاپەرین بەرووی ستەم کار ئاڵای خۆبەدەستەودان بەرزدکاتەوە.

ماوەیەکە گەیشتوینەتە دووڕێیانێک کە بواری ڕاڕای وچاوەرێکردنی تێدا نیە، و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ "بنەماڵە گەندەڵەکان" حەتمی و پێویستە چونکە لە کۆتاییدا دەسەڵات هەرچۆنێک بێت پەیرەوکردنێکی مرۆییە وزادەی کۆمەڵگاکانە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکان وسەقامگیری ودادپەروەری ودوورخستنەوی ئاشووب وگەندەڵی بۆیە فەرمانداریکردن وپابەندبوونی هاوڵاتی بەهێنانەدی ئامانج وئاواتەکانی کۆمەڵگاوە بەندە، وئەگەر دەسەڵات کورتیهێنا وبەلاڕێدا چوو دەبێت هاوڵاتی ئاڵای "یاخیبوونی مەدەنی" بەرزبکاتەوە بۆ ناچار کردنی دەسەڵات لەسەر ئەنجامدانی چاکسازی ،گەر بەدەمیشی نەچوون ولەسەر گەندەڵی وسەرکوتکردن بەردەوام بوون پێویستە گەل ئاڵای "شۆڕش" بەرزبکاتەوە بۆ لابردنی ئەم دەسەڵاتە ودادگایی کردنی و سیستەمێکی نوێ دابمەزرێنن بتوانێت بەرژەوەندی وئامانجە نیشتیمانیەکانیان بۆ بهێنێتەدی کە ڕژێمە کونەکە پشتگوێی خستبوون.

بۆیە ئەرکە سیاسیەکان دوو جۆرن، ئەرکی گوێرایەڵی بۆ یاساکانی دەوڵەت، وئەرکی بەرگری کردنە لە ڕەوایەتی کاتێک بەخراپ بەکاردەهێنرێت، ئامانجەکانی شۆڕش نابێت بۆ وێرانکردنی دەوڵەت ودامودەزگاکانی ئاراستەبکرێن بەڵکو هەوڵێکە بۆ ڕزگارکردنیدایە لەو ڕژێمە ستەمکارانەی کە ئامانجەکان بۆ برژەوەندیە بەرتەسکە کەسێتیەکان بەکار دەهێنێت ودەبێت هۆکاری تەشەنەبوونی هەژاری وپەراوێز خستن.

هەرچەند بێدەنگی گەلان بەرامبەر دەسەڵاتی فەرمانرەوا درێژبخایەنێت هێندە رزگاربوون لێ زەحمەت دەبێت، ئەمەش بەڕوونی لە "شۆڕشەکانی بەهاری عەربی" وشکستخواردنی لە بەدیهێنانی ئاواتی گەلان بۆمان دەردەکەوێت.

ئەو ڕەوشە ناهەموارەی کە لە بەغدا وهەولێر هەیە پێویست دەکات هاوپەیمانیەتی عەرەبی کوردی وبەعقڵیەتی دیموکراتی درووست بکرێت نێوان سەرجەم ئەو هێزانەی کە بە دۆسیەکانی گەندەڵی تێوەنەگلاون وخاوەن هەڵوێستی نیشتیمانین . چونکە هەر ڕاپەرینێک بێ سەرکردایەتی دڵسۆز بێت دووچاری کۆمەڵێک گوشاری دەرەکی و ناوخۆیی دەبێتەوە و بەرەو لادان لە ئامانجەکان دەبیات هەروەک توونس ولیبیا وچەند وڵاتێکی تر.

هەرووەها کۆمەڵێک چالاکوانی سیاسی لە بەغدا و هەولێر باش دەزانن باروودۆخی سیاسی گەیشتوتە چ ئاستێک و جەختدەکەنەوە هیچ هیوایەک بۆ گەیشتن بە کەنارە ئارامەکان نیە ئەگەر گۆڕانکاری ڕیشەیی لەبنچینەوە دەست پێنەکرێت.